# حیلمی عەلی شەریف و
# ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا

**نەورۆز یاسین محەمەد**
قوتابی ماستەر- بەشی مێژوو
کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
nawrozyasen3@gmail.com

**پ.ی.د. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
ahmad.ameen@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە**

کارکردن لەبارەی ڕۆڵی حیلمی عەلی شەریف لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ناوبراو ڕۆڵی دیار و بەرچاوی لەو بوارەدا بینیوە و کارەکانی شایستەی ئەوەن لەبارەیان بکۆڵدرێتەوە. لەو سۆنگەیەوە لەم توێژینەوەیەدا کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم باسی ژیان و لە تەوەری دووەم باسی ڕۆڵی ناوبراو لە بواری ڕۆژنامەنووسی دەکەین. لە تەوەری سێیەمیشدا وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی شەنوکەو دەکەین. لە ئەنجامدا دەتوانرێت بوترێت حیلمی عەلی شەریف بەگشتی لە بواری ڕۆژنامەنووسی ڕۆڵی دیار و بەرچاوەی هەبووە و زیاتر لە (٢٠٠) وتاری نووسیون.

وشەی سەرەکییەکان: مێژوو، ڕۆژنامەنووسی، کورد

**پێشەکی:**

گرینگی و بایەخی توێژینەوە: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ڕۆڵی حیلمی عەلی شەریف (١٩٣١- ١٩٩٨) لە بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، گرینگی و بایەخی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە چوار دەیەی سەدەی بیستەمدا جێ پەنجەی دیاری لەو بوارەدا بینیوە. وەلێ تاوەکو ئێستاکە وەك پێویست

لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی سەربەخۆدا ئاوڕی پێویستی لێ نەدراوەتەوە، کە ڕەنگە ئەوە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بێت.

ناوەڕۆکی توێژینەوە: ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر و ئەنجام پێکهاتووە. تەوەری یەکەم: سەرەقەڵەمێك لەبارەی بنەچەی بنەماڵەی حیلمی عەلی شەریف باس دەکەین، ئینجا لەبارەی قۆناغەکانی منداڵی و گەنجییەتی و ژیانی تایبەتی دەدوێین. لە تەوەری دووەمدا لەبارەی ڕۆڵی حیلمی لە بواری ڕۆژنامەنووسی دەدوێین و ڕۆڵی ناوبراو لە ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی کوردستان، ڕۆژنامەی (النور) و ڕۆژنامەی هاوکاری شەنوکەو کراون. تەوەری سێیەم: ئاماژە بە ناوەڕۆکی نووسین و وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی حیلمی عەلی شەریف دەکەین و شوێنی بڵاوکردنەوەیان لەگەڵ ئەو ناو و نازناوانەی بەکاری هێناون دەخەینە ڕوو. ئەنجام: لە ئەنجامدا توێژەر ئاماژەی بەو خاڵانە کردوون، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەیدا پێی گەیشتوون.

ڕێبازی توێژینەوە: توێژەر بۆ ئەوەی بگات بە ئەنجامێکی زانستیی ورد، هەر دوو ڕێبازی ڕاگواستن و شیکاری بەکارهێناوە، سەرباری ئەوەش لە هەر شوێنێك پێویستی کردبێت بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بەردەستی ڕای خۆی گوتوون.

سەرچاوەکانی توێژینەوە: بۆ ئەم توێژینەوەیە جگە لە چەند سەرچاوە و ئەنجامدانی دیمانە و پەیوەندیی تەلەفۆنی، بە شێوەیەکی بەرچاو پشت بە وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانییەکانی حیلمی عەلی شەریف بەستراون.

## تەوەری یەکەم:

## سەرە قەڵەمێک لەبارەی بنەماڵە و ژیانی حیلمی عەلی شەریف

حیلمی عەلی شەریف، ناوی تەواوی محەمەدحیلمی[1] محەمەدعەلی شەریف-ە، لە ١ی تەمووزی ١٩٣١ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە (ناسنامەی باری شارستانی، ژمارە ٨٤٨٨٨١ لە ١٩٨٠/٤/١٣؛ ڕەگەزنامەی عێراقی، ژمارە ٧٠٥٣٩٦ لە ١٩٨٠/٤/١٣).

ئەگەرچی هەندێك لە سەرچاوەكان بنەچەی بنەماڵەی حیلمی عەلی شەریف بۆ ناوچەی هەڵەبجە دەبەنەوە (حاجی مەحمود، ٢٠٢١، ١٠٢؛ حەسەن، ١٦ی مارتی ٢٠١٥)، بەڵام دەتوانرێت بوترێت لەوەدا كەوتوونە هەڵەوە، بە بەڵگەی ئەوەی یەكێك لە ئەندامانی بنەماڵەكەیان بنەچەیان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێڵی بڵباس و باس لەوەش دەكات لە چارەگی یەكەمی سەدەی بیستەم لە گوندی بێورێی ناوچەی شارباژێڕ هاتوونەتە شاری سلێمانی و تێیدا نیشتەجێ بوونە (شەریف، فەرەیدوون عەلی، ٥ی كانوونی دووەمی ٢٠٢١). لەو بارەیەوە وەهبی غەفوور شەریفی ئامۆزای دەڵێت:" **... ڕەنگە هۆكاری مەسەلەی گێڕانەوەی بنەچەی بنەماڵەكەمان بۆ ناوچەی هەڵەبجە لەناو سەرچاوەكاندا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەیەكی زۆر ماڵی باوكم لە هەڵەبجە نیشتەجێبوون، یاخود بەهۆی ئەوەی كاك حیلمی لە سەرەتای ساڵانی شەستدا ماوەیەك كار و چالاكی سیاسی لە ناوچەی هەڵەبجەدا ئەنجامداوە ...**" (شەریف، وەهبی غەفوور، ٤ی مارتی ٢٠٢١).

ئەندامانی بنەماڵەی حیلمی عەلی شەریف، لە دیدارەكانیاندا زانیاریی زیاتر لەبارەی پەیوەندییەكانیان لەگەڵ خەڵكی گوندی بێورێ باس دەكەن. بە جۆرێك فەرەیدوون عەلی شەریف ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، باپیرەی واتە شەریف محەمەد لە گوندی بێورێ كاری (چەخماخسازی) كردووە، هەروەها باسی ئەوەش دەكات لە دەمی نیشتەجێبوونیان لە شاری سلێمانیدا، چەند كەسێكی ئەو گوندە، كە بۆ مەبەستی سەردانیكردن و كار و كاسبی هاتوونەتە شار، لە ماڵی ئەواندا میوانداری كراون و پەیوەندییە خێزانی و كۆمەڵایەتییەكانیان نەپچڕاندووە (شەریف،

فەرەیدوون عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە وەهبی غەفوور شەریف، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دانیشتوانی گوندی بێورێ پەیوەندییان بە باوکییەوە کردووە و داوایان کردووە بەشە میراتیان لە زەویوزاری گوندەکە وەربگرن (شەریف، وەهبی غەفوور، ٤ی مارتی ٢٠٢١).

محەمەدعەلی (١٨٩٢-١٩٥٠) باوکی حیلمی جگە لە خۆی دوو خوشك و دوو برای هەبووە. ناوبراو لەبەر ئەوەی کوڕە گەورەی خێزانەکەیان بووە، لە دوای کۆچی دوایی باوکی، ئەرکی چاودێریکردنی خێزانەکەی گرتۆتە ئەستۆ و بە کاری تایبەتییەوە خەریکبووە (شەریف، فەرەیدوون عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١؛ شەریف، وەهبی غەفوور، ٤ی مارتی ٢٠٢١).

محەمەدعەلی ساڵی ١٩٢٩ لەگەڵ ئاسکۆڵ فەرەج عوسمان مەعرووف (١٩٠٢-١٩٨٢)، کە کچی یەکێك لە بنەماڵە دیارەکانی شاری سلێمانی بووە، هاوسەرگیری کردووە. بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە لەدایکبوونی پێنج کوڕ و دوو کچ بوونە بە ناوەکانی: حیلمی، زەکیە (١٩٣٤- ٢٠١٩)، محەمەدڕوشدی (١٩٣٧ – ١٩٦٩)، جەبار، مونیرە، جەودەت و فەرەیدوون.

محەمەدعەلی شەریف، یەکێك بووە لە بازرگانە ناسراوەکان لە بازاڕی ئەسحابە سپی شاری سلێمانی و لەگەڵ چەند کەسایەتییەکدا بە کاری بازرگانی لەنێوان سلێمانی و بەغدادا خەریکبووە. بەمەش باشیی ئاستی دارایی کاریگەری هەبووە لەسەر دەرکەوتنی محەمەدعەلی وەك کەسێکی لێهاتوو و لێوەشاوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لەو بارەیەوە یەکێك لە کچەکانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، باوکی وەك پیاوێکی خێرخواز و دەست ئاوەڵا، بە هۆی خراپیی باری ئابووری لە ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) کەلوپەل و خۆراکی بەسەر ماڵە هەژارەکاندا بەخشیوە (شەریف، مونیرە عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

ساڵی ١٩٥٠ محەمەدعەلی شەریف کۆچی دوایی دەکات، ئاسکۆڵی خێزانی وەك ئافرەتێکی بە توانا ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوەبردنی خێزانەکەیان دەگرێتە ئەستۆ و هەمیشە لە خەمی ئەوەدا دەبێت، ببێت بە جێگرەوەی باوك بۆ

منداڵەکانی. ئاسکۆڵ لە سۆنگەی خەمخۆریی پەروەردەکردنی منداڵەکانی، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێچکەی ژیانیان دەدات و بەردەوام بیرۆکەی جوانیان پێ دەبەخشێت (شەریف، مونیرە عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

حیلمی لە تەمەنی شەشساڵی دەخرێتە بەر خوێندن و قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی فەیسەڵییە و ناوەندی لە قوتابخانەی سلێمانی دەخوێنێت. لەو قۆناغەشدا لەبەر ئەوەی یەکێك بووە لە قوتابییە زیرەکەکان، هەمیشە دۆستایەتی گەرم و گوڕی لەگەڵ مامۆستاکانی هەبووە و لێیانەوەی نزیکبووە (لۆلۆ، ٤ی تەمووزی ٢٠١٧).

حیلمی عەلی شەریف لە قۆناغی ئامادەییدا تێکەڵاوی کاری سیاسی دەبێت و چالاکیی بەرچاو ئەنجام دەدات، بەو هۆیەوە لە ئەنجامی دەربڕینی ناڕەزایی و داواکردنی مافی قوتابیان و کۆمەڵانی خەڵك لەگەڵ هەریەك لە محەمەد کەریم فەتحوڵلا (١٩٣٣- ٢٠٠٢) و عوسمان محەمەد سلێمان بۆ ماوەیەك خوێندنەکەیان دەگوازرێتەوە بۆ شاری بەعقوبە، ئیدی بەو هۆیەوە قۆناغی ئامادەیی لە بەعقوبە تەواو دەکات (شەریف، بێ ساڵی چاپ، ١٦؛ مەحمود، ١٦ی تەمووزی ١٩٩٨، ٦).

لەگەڵ ئەوەی حیلمی عەلی شەریف قۆناغی ئامادەیی لە ئاوارەیی و دوور لە شاری سلێمانی دەخوێنێت، بەڵام خوێندنەکەی لەو قۆناغەشدا، بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات. ئەنجام لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٨-١٩٤٩)دا لە کۆلێژی ئەندازیاری لە شاری بەغدا وەردەگیرێت. ناوبراو لە ساڵی یەکەمی خوێندنی لە کۆلێژدا، بە دیاریکراوی لە مانگی یەکەمدا بەهۆی دانپێنانی یەکێك لە گیراوەکانی حیزبی شیوعیی عێراق و داننانی بەوەی حیلمی لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق کار دەکات، فەرمانی گرتنی بۆ دەردەچێت (شەریف، ٢٠١٤، ١٦). ئەنجام ساڵی ١٩٤٩ حیلمی عەلی شەریف دەدرێتە دادگای عورفی و سزای دوو ساڵ زیندانیکردن و دوو ساڵ دوورخستنەوەی بۆ دەردەچێت، بەڵام دوای پێداچوونەوە بە بڕیاری دادگا بۆی دەکرێت بە چوار مانگ و ئەو ماوەیە لە بەندیخانەی ئەبو غرێب زیندانی دەبێت (شەریف، حوزەیرانی ١٩٩٨، ٢).

گرتن و زیندانیکردنی حیلمی عەلی شەریف، دەبێتە هۆکاری ئەوەی دەرفەتی خوێندنی لە کۆلێژی ئەندازیاری لە دەست بچێت، ئەمەش خەمێکی قووڵ لە دەروونیدا بە جێ دێڵێت، بە بەڵگەی ئەوەی لە یەکێك لە نووسینەکانیدا نووسیویەتی: "... **کە کۆلێژی ئەندازیاریم لە دەستدا داخێکی گران چوو بە دڵمدا"**. (شەریف، ٢٠٠١، ٧). لەو بارەیەوە یەکێك لە سەرچاوەکان پێیوایە حیلمی لەوەدا ناهەقی نەبووە، لەبەر ئەوەی خوێندن لە کۆلێژی ئەندازیاری لەو قۆناغەدا سنووردار بووە (مەحمود، ١٦ی تەمووزی ١٩٩٨، ٦).

حیلمی عەلی شەریف، وێڕای دابڕانی لە خوێندن بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر، بەڵام ئارەزووی زۆری بۆ خوێندن و تەواوکردنی قۆناغی خوێندنی زانکۆیی، هاندەری بووە لە تەمەنی چل و یەك ساڵیدا بچێتەوە بەر خوێندن، بەمەش لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا لە کۆلێژی یاسا بەشی زانستی سیاسی زانکۆی موستەنسرییە لە شاری بەغدا وەردەگیرێت و ساڵی خوێندنی (١٩٧٥-١٩٧٦) بە پلەی (باش) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی پێدەبەخشرێت (شەریف، ٢٠٠١، ٨).

حیلمی بەهۆی ئەوەی لە تەمەنێکی زوو باوکی کۆچی دوایی دەکات، ناچار دەبێت شانبەشانی دایکی ئەرکی سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی خوشك و براکانی بگرێتە ئەستۆ. لێرەشدا لەبەر ئەوەی لە کۆنەوە بازرگانی پیشەی بنەماڵەکەیان بووە، بۆیە لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا، بۆ ماوەیەك لەنێوان سلێمانی و بەغدا، خەریکی کاری بازرگانی بووە (شەریف، بانو حیلمی عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

ساڵی ١٩٦٦ حیلمی عەلی شەریف بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە لەگەڵ خێزانەکەی ڕوودەکاتە شاری بەغدا و لە گەڕەکی ئەندازیاران (حي المهندسين) نیشتەجێ دەبن. هەر لەو ساڵەشدا لەگەڵ ناهیدە دەروێش محێدین (١٩٣٩ – ٢٠٠٢) هاوسەرگیری دەکات. لەو هاوسەرگیرییەدا دەبێتە خاوەنی سێ کچ بە ناوەکانی بانو، دێرین و دالیا.

ساڵی ١٩٧٦ حیلمی عەلی شەریف لە هاوسەری یەکەمی جیادەبێتەوە، هەر لەو ساڵەدا هاوسەرگیری دووەم لەگەڵ سەرگوڵ حەمەڕەشید ساڵح ئەنجام دەدات و

لەو هاوسەرگیرییەشدا کوڕێکیان دەبێت بە ناوی ئاسۆ. وەلێ گرفتی پەیوەندیی خێزانی دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە هاوسەری دووەمیشی جیابێتەوە (دادگای باری کەسێتی سلێمانی، نووسراوی ژمارە ٣٧١، ٢ی مارتی ٢٠٢١).

حیلمی عەلی شەریف لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتا بەدواوە، لە شاری بەغدا بە کاری تایبەتییەوە خەریك دەبێت. لەو چوارچێوەیەشدا لەگەڵ هەر یەکە لە عەباس حوسێن و فەریدە یونس کارگەی وردکردنی بەرد دادەمەزرێنێت و خۆشی لە نزیکەوە سەرپەرشتی کارگەکە دەکات (محی الدین، ٨ی ئابی ٢٠٠٩، ١١؛ شەریف، بانو حیلمی عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، هەر چەندە حیلمی عەلی شەریف ماڵی لە شاری بەغدا دەبێت، بەڵام چەند جارێك سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لە سەردانەکانیشدا چاوی بە کەسایەتییە سیاسییەکان دەکەوێت. لەو میانەشدا لە دوا سەردانیدا ساڵی ١٩٩٨ کاتێك دەگەڕێتەوە سلێمانی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی (١٩٣٣-٢٠١٧) سکرتێری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و هەندێك لە سەرکردەکانی یەکێتی کۆدەبێتەوە. لە دانیشتنەکەدا وێڕای باسکردنی بارودۆخی سیاسی و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، تاڵەبانی هۆشداری ئەوە بە حیلمی عەلی شەریف دەدات لەوەی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراق ئاگاداری هاتوچۆکردنی ناوبراون، بۆیە وا پێویست دەکات ئاگاداری خۆی بێت. عومەر عەبدوڵڵا (ناسراو بە مولازم عومەر)، کە لەو دانیشتنەدا بەشداربووە دەڵێت:" **دواجار بەر لە ڕۆیشتنەوەی کاك حیلمی بۆ بەغدا، مام جەلال پێداگیر بوو لەسەر ئەوەی نەڕواتەوە، لەبەر ئەوەی پێی وت تۆ چەند جارێکە دێیتەوە و بە ئاشکرا دەمانبینی، حکوومەت دڕندەیە دوایی شتێکت لەگەڵدا دەکات**" (لۆلۆ، ٤ی تەمووزی ٢٠١٧).

کەمال محێدین، لە دەمی باسکردنی ڕووداوەکاندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حیلمی عەلی شەریف لە وەڵامی جەلال تاڵەبانیدا، گوتوویەتی کارێکی تایبەتی هەیە لە بەغدا و ئەنجامی دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی. تاڵەبانیش بۆ مەبەستی

هاوکاریکردنی حیلمی، کەمال محێدین ڕادەسپێرێت یارمەتی ناوبراو بدات (محەمەدئەمین، ۲۰۲۲، ۲٤۰، محێدین، ۸ی مارتی ۲۰۲۱).

بەپێی گێڕانەوەکانی کەمال محێدین بێت، ناوبراو ڕۆژی دووشەمە ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۹۸ لە شاری بەغدا سەردانی ماڵی حیلمی عەلی شەریفی کردووە، لە گفتوگۆکانیاندا حیلمی پێی ڕاگەیاندووە بە هۆی شکانی قاچی خوشکەکەی، گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی بۆ ڕۆژی پێنجشەمە دوادەخەن. دوای ئەوەش دوو ڕۆژ دواتر واتا لە ۱ی تەمووزی ۱۹۹۸ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە کەمال محێدینی ڕاگەیاندووە، کە ئێوارەکەی داوەتی دوو برادەری عەرەبە و بەیانییەکەش سەردانی ئەو دەکات. لەو بارەیەوە کەمال محێدین دەڵێت:" **بەیانییەکەی چاوەڕوان بووم نەهات، دوای بێ هیوا بوون لە نەهاتن و پەیوەندیکردنی، منیش ڕۆژی ٤ی تەمووز سەردانی ماڵەکەیانم کرد، لە دەرگام دا وەڵام نەبوو، ژنێکی دراوسێیان هات و گوتی مامۆستا حیلمی کۆچی دوایی کرد و جەنازەکەیان بردەوە بۆ سلێمانی**". ناوبراو لەسەر زاری ژنە دراوسێکەیان دەگێڕێتەوە، کە ماڵی حیملی عەلی شەریف خرابوویە ژێر چاودێرییەوە، بۆیە هەر زوو ئەوێی جێهێشتووە (محێدین، ۸ی مارتی ۲۰۲۱).

بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (۳۳۰۳٥۷) لە ٤ی تەمووزی ۱۹۹۸، کە لە وەزارەتی تەندروستی عێراقدا دەرچووە، حیلمی عەلی شەریف بە هۆکاری ژەهراویبوونی خوێنی بە ڤایرۆس کۆچی دوایی کردووە (وزارة الصحة، الکتاب المرقم ۳۳۰۳٥۷ في ٤ تموز۱۹۹۸)، بەڵام سەرچاوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی حیلمی عەلی شەریف لە دوا داوەتیدا لەگەڵ هاوڕێکانی دەرمانخوارد کرابێت. لەو بارەیەوە وەهبی غەفوور شەریفی ئامۆزای ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کاتێك حیلمی لە دوای داوەتەوەکەدا باری تەندروستی تێکچووە و براوە بۆ نەخۆشخانەی (مستشفی الکندي التعلیمي)، یەکێك لە پزیشکەکان، کە ناسیاوی خۆیان بووە بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاندووە، حیلمی دەرمانخوارد کراوە، بەڵام لەبەر سەلامەتی خۆیان پێویستە بێدەنگی لێ بکەن (شەریف، وەهبی غەفوور،٤ی مارتی ۲۰۲۱). ئەوە لە

لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بانوی کچی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات یەکێك لەو دکتۆرانەی، کە پشکنینی بۆ باوکی کردووە، پرسیاری لێکردوون و وتوویەتی:" **ئەمە چی دراوەتێ ..؟**". بانو لەبارەی تەندروستی باوکییەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دروستبوونی ئەو دۆخە تەندروستییە بە تێڕوانینی پزیشکی، دەچێتە چوارچێوەی تاوانی دەرمانخواردن، لەبەر ئەوەی بەر لە گیان لەدەستدانی گۆڕانکاری لە جەستەی حیلمی بە تایبەتی پێستی بینراوە (شەریف، بانو حیلمی عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

شایەنی گوتنە، وەك ئەوەی باس دەکرێت جەلال تاڵەبانییش پێیوابووە، کە حیلمی عەلی شەریف دەرمانخوارد کراوە، بۆیە لەو بارەیەوە ئەندامانی بنەماڵەکەیانی ئاگادار کردووەتەوە. تایبەت بەو بابەتە جەودەتی برای دەڵێت: " **جەلال تاڵەبانی بە فەرەیدوونی برامی گوتبوو، ئاگام لەخۆم بێت، نەوەك حکوومەت ڕێکارێکی واش بەرانبەر بە من بگرنە بەر**". ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە فەرەیدوون ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، تاڵەبانی لە ڕێی کەمال محێدینەوە ئاگاداری کردوونەتەوە، کە حیلمی دەرمانخوارد کراوە (شەریف، جەودەت عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١؛ شەریف، فەرەیدوون عەلی، ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

بەو هۆیەی، کە ئاماژەمان بۆ کرد حیلمی عەلی شەریف لە ٤ی تەمووزی ١٩٩٨ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات. ئەنجام ڕۆژێك دواتر واتا لە ٥ی تەمووز لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و سەرکردایەتی بەشێك لە پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی کوردستان لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاك دەسپێردرێت (تەرمی سیاسەتمەدار ...، ٦ی تەمووزی ١٩٩٨، ل١؛ کریم، ١١ تموز ١٩٩٨، ل٥؛ حاجی محمود، ٢٠٢١، ١٠٢-١٠٣).

## تەوەری دووەم:
## حیلمی عەلی شەریف و بواری ڕۆژنامەنووسی

تێکەڵبوونی حیلمی عەلی شەریف بە دونیای سیاسەت، ناوبراو تێکەڵ بە دونیای ڕۆژنامەوانی نهێنی دەکات، کە بەو هۆیەوە پارتە سیاسییەکانی ئەو سەردەم پەیام و دیدگای خۆیان پێی پەخش دەکرد.

ساڵی ١٩٥٦ دوای ئەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کورد - عێراق بەرەی پێشکەوتوو و پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق یەکیان گرتەوە و دواتریش چەند سەرکردەیەکی حیزبی شیوعیی عێراق هاتنە ناو پارتی و ناوەکەیان کرد بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان (ئەسەسەرد، ٢٠١٢، ١٠٨؛ حەمەدئەمین، ٢٠١٧، ٣٧)، لە پاڵ دەرکردنی ڕزگاری[٢]، خەباتی کوردستان[٣] بوو بە ئۆرگانی پارتی بەزمانی عەرەبی، لەو قۆناغەدا کاتێك ڕۆنیۆی چاپکردنەکە دەهێنرێتە شاری سلێمانی و لە ماڵی باوکی خولە کۆمەڵە[٤] لە خانووی قادر تەگەرانی[٥] دادەندرێت، حیلمی عەلی شەریف هاوشان لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا و ئیبراهیم ئەحمەد بەشداری لە دەرچوواندنی خەباتی کوردستاندا دەکات (ئەمین، ٢٠١٣، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، ٦٢٤؛ خولە کۆمەڵە، ٥ی شوباتی ٢٠٢٢).

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراقدا، پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان لە ١١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ بە فەرمی مۆڵەتی دەرچوواندنی ڕۆژنامەی خەبات وەردەگرێت و لە بەغدا دەست بەچاپکردنی دەکرێت (جاف، ١٩٩٦، ٢١؛ وەسانی، ٢٠٢١، ٢٩)، لەو قۆناغەدا حیلمی عەلی شەریف دەبێتە یەکێك لە دەستەی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی خەبات (فەرد، ٢٠١٣، ٥٩٥؛ مستەفا خان، ٢٠١٨، ٤٤) و دواتریش ڕۆڵی دیاری لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەکەدا دەبێت، بە بەڵگەی ئەوەی ناوبراو جگە لە دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی خەبات، بەڕێوەبەری چاپخانەی سەلاحەددین[٦]یش بووە، کە ڕۆژنامەی خەبات تێیدا چاپکراوە (ساڵح، ٢٠٠٧، ٦٤).

لە دەمی کارکردنی حیلمی عەلی شەریف لە ڕۆژنامەی خەباتدا، ساڵی ١٩٥٩ بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەی خەبات لەگەڵ ژمارەیەك ڕۆژنامەنووسی عێراقی سەردانی کۆماری میللی چین دەکات و ماوەی سی و چوار ڕۆژ لە گەشتەکەیدا دەمێنێتەوە (شەریف، ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ١). جێگای ئاماژە بۆ کردنە، سەرەتای گەشتەکە عەبدوڵڵا عەباس سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەهالی سەرۆکایەتی شاندەکە دەکات، بەڵام دوای ئەوەی ناوبراو بە هۆی کارێکەوە دەگەڕێتەوە، حیلمی عەلی شەریف دەبێتە سەرۆکی شاندەکە. حیلمی لەبارەی بەرنامەی گەشتەکەیان دەڵێت: " **ئەوەی ڕاستیێ بەرنامەیەکی تێروپڕیان بۆ دانابووین، بەڵام داوام لێکردن بەشی زۆری بەرنامە هونەری و گەشتکردنەکانی بەرنامەکەم بگۆڕن بە بەشی لێکۆڵینەوەی باری سیاسی و نەتەوایەتی و پیشەسازی و کشتوکاڵیی چین و بێ گیروگرفت داواکەیان جێبەجێکردم و بۆ ئەو بەرنامانە من لە ڕۆژنامەنووسەکانی تر جیا ئەبوومەوە**" (شەریف، ٢٠١٤، ٥٤). لێرەدا دەتوانرێت بوترێت حیلمی عەلی شەریف لەبری گەڕان و سەردانیکردنی شوێنە گشتییەکان زیاتر مەبەستی بووە لە میانەی گەشتەکەیدا سوود لە ئەزموونی کۆماری گەلی چین وەربگرێت.

٢ی کانوونی دووەمی ١٩٦١، لەسەر داواکاری دەستەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی، حیلمی عەلی شەریف بە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەی خەبات بەشداری کۆبوونەوەیەك دەکات، کە تێیدا تاوتوێی لایەنە پیشەییەکانی تایبەت بە زیادکردنی داهاتی ڕۆژنامەکان و بەرزبوونەوەی نرخی کاغەز لە جیهان و نرخی ڕۆژنامەکان بەپێی لاپەڕەکانیان دەکەن، هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لە دامەزراندنی لێژنەیەك بە ئەندامێتی تۆفیق سەمعانی لە ڕۆژنامەی زەمان (جريدة الزمان)، سامی بەتی لە ڕۆژنامەی بیلاد (جريدة البلاد)، عەبدولجەبار ئەعزەمی لە ڕۆژنامەی ڕۆشنبیری ئیسلامی (جريدة الثقافة الاسلامية) و حیلمی عەلی شەریف لە ڕۆژنامەی خەبات دەدەن. ئەرکی ئەو لێژنەیە پەیوەندیکردن دەبێت بە ڕۆژنامەکان و هەموو ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، تا بەیەکەوە لێژنەیەك لە تێکڕای ڕۆژنامەنووسان لە بیروباوەڕی جیاواز لە خۆیدا کۆبکاتەوە و لێکۆڵینەوە لە

بارودۆخی ڕۆژنامەکان و سەندیکا و یاساکانی لەگەڵ تێکڕای ئەو پێشنیازانەی، کە لێژنەکە بە باشی دەزانێت پێشکەش بکەن. لە لایەکی دیکەوە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبووان بڕیاری ئەوە دەدەن یادداشتێك پێشکەش بە عەبدولکەریم قاسم سەرۆك وەزیرانی عێراق (١٩٥٨-١٩٦٣) بکەن و تێیدا داوای ئازادبوونی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەن، کە لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی جیاواز زیندانی کراون (بطي، ١٩٧٠، ٩٦؛ شاوەیس، ١٩٩٨، ٤٠).

ساڵی ١٩٦٠ ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی داواکارییەك تایبەت بە مافی دەرچوواندنی ڕۆژنامەیەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن، کاتێك وەزارەتی ناوخۆ داواکارییەکەیان ڕەت دەکاتەوە، حیلمی عەلی شەریف هەوڵەکانی خۆی لەو بارەدا دەخاتە گەڕ و لەگەڵ هەر یەك لە عومەر مەعرووف، نەوشیروان مستەفا (١٩٤٤- ٢٠١٧)، حەمە سەدیق پێنجوێنی، عوسمان شارباژێڕی (١٩٤٠ – ٢٠٠٠) و چەند کەسێکی دیکە کۆدەبێتەوە و پێیان ڕادەگەیەنێت لەگەڵ عومەر حەوێزی لە ڕۆژنامەی دەنگی کورد[٧]دا قسەی کردووە، داوای لە ناوبراو کردووە لە ڕۆژنامەکەیدا گۆشەیەك بدات بە قوتابیانی کوردستان. ئەنجام دوای ئەوەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە هەوڵەکەی حیلمی عەلی شەریف ڕازی دەبن، هەر یەك لە نەوشیروان مستەفا و عومەر مەعرووف ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەی نووسین و سەرپەرشتیکردنی گۆشەی تایبەت بە قوتابیان لە ڕۆژنامەی دەنگی کورددا (بەرزنجی، ٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١).

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەك و تۆمەتبارکردنی ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕووداوێکی کوشتن لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆکاری ئەوەی ناوبراو لە شوباتی ١٩٦١ وەك سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات دەست لە کار بکێشێتەوە (وەسانی، ٢٠٢١، ٣٩-٤٠). ئەنجام هەر لەو قۆناغەدا هاوڕێ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و ژمارەیەك کەسایەتیی دیکە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە بە ناونیشانی ڕۆژنامەی کوردستان دەردەچووێنن

(ئەحمەد و حوسێن، ٢٠١٩، ١٢). لەو بارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: " **ڕۆژنامەی کوردستان ئەوانەی بە پلەی یەکەم کاریان تێدا دەکرد جگە لەوە کە من سەرەك نووسەر بووم و خۆم کارم تیادا دەکرد، خوالێخۆشبووان مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی و مامۆستا هەژاریش کاریان تیادا دەکرد، کە ئەم سێیەمان وەکو سێکوچکەی دەرچوواندنی ڕۆژنامەکە وابووین و برادەرانیش بە ناردنی مەقالە هاوکاریان دەکردین بە تایبەتیش مامۆستا حلمی شەریف[مەبەستی حیلمی عەلی شەریفە- توێژەر] دەستێکی باڵای هەبوو لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەکەدا و هاوکاری دەکردین**" (مستەفا خان، ٢٠١٨، ٤٩-٥٠). لێرەشدا دەتوانرێت بوترێت، حیلمی عەلی شەریف هاوکات لەگەڵ دەرچوواندنی ڕۆژنامەی خەبات و ڕۆڵ و چالاکیی سەرەکی تێیدا، ڕۆڵی لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی کوردستانیشدا هەبووە و هاوکاریی پێویستی کردووە.

حیلمی عەلی شەریف لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولدا وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە ناوچەکانی خانەقین دەستی بە چالاکی کرد، بەڵام دواتر لەسەر داواکاری مەکتەبی سیاسی دەچێتە ناوچەی ماوەت و ئەرکی ئامادەکردنی شوێنی ئێزگە و چاپخانەی بەرەوڕوو دەکرێتەوە (ئەحمەد، ٢٠٠٨، ١٢)، بەمەش دەتوانرێت بوترێت لەو قۆناغەشدا ڕێی تێدەچێت حیلمی عەلی شەریف ڕۆڵی لە دەرچوواندنی ژمارە (٤٦٨) تا ژمارە (٤٧٣) ی ڕۆژنامەی خەباتدا[٨]، بینیبێت.

حیلمی عەلی شەریف لە دەمی کارکردنی لە ناوچەی ماوەتدا، هاوشان لەگەڵ بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی پێشمەرگە و ئەرکەکانی دیکەیدا، لەگەڵ فەرەیدوون عەلی ئەمین (١٩٣٣ – ١٩٩١) ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە دەرچوواندنی خولی یەکەمی گۆڤاری پێشمەرگە[٩]دا بینیوە و بەر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣، (١٢) ژمارەیان دەرچوواندووە (ساڵح، ئازاد عوبێد، ٢٠٠٧، ٨٦؛ مەجید، ٢٠١٢، ٢٠٥). وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە لەو گۆڤارەدا دەنگوباسی شۆڕش و چالاکییەکانی پێشمەرگە و کاروانی شەهیدان و پرسی کورد لە ڕۆژنامە و

بڵاوکراوەکانی جیهانی و بابەتی ئەدەبی تێدا بڵاوکراوەتەوە (ئەحمەد، ۲۰۰۵، ۵۳؛ ساڵح، ئازاد عوبێد، ۲۰۰۷، ۸٦).

باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی شەشەمی لە ۲۷ی مارتی ۱۹٦۷ لە کەلار ئەنجامدا. یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو دەرچوواندنی گۆڤارێك دەبێت بە زمانی کوردی بە ناوی ڕووناکی. خالید دلێر لەو بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەرکی دەرچوواندنی گۆڤارەکە بە هەر یەك لە: حیلمی عەلی شەریف، نەوشیروان مستەفا و خالید دلێر سپێردراوە، ئەوانیش توانیویانە تەنیا یەك ژمارەی لێ دەربکەن (دلێر، ۲۰۰۳، ٦۸).

بەر لە کودەتای ۱۷ی تەمووزی ۱۹٦۸ و گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات، سەرکردایەتی بەعس پەیوەندییان بە سەرکردایەتی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبوو (حسون، دون سنة الطبع، ٤٥١)، هەر بەو هۆیەوە دوای وەرگرتنەوەی دەسەڵات لەلایەن بەعسییەکان ئەحمەد حەسەن بەکر (۱۹۱٤ - ۱۹۸۲) سەرۆکی کۆمار داوا لە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دەکات هاوکاری پێشکەش بە حکوومەت بکەن. ئەنجام کۆمیتەی ناوەندی باڵی مەکتەبی سیاسی گفتوگۆ لەبارەی پێشهاتە تازەکان دەکات و داواکاری و پێشنیازەکانی پێشکەش دەکات، لەو بارەیەوە خالید دلێر دەڵێت:" **کۆمیتەی ناوەندی لەنێوان ئەندامەکانیدا لە گۆڕینەوەی گفتوگۆ کردن دابوو، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پرسیاری ئاراستەی نووسەری ئەم وتارە کرد [مەبەستی خالید دلێرە- توێژەر]، ئایا ڕای چییە ...**". بە گوێرەی قسەکانی خالید دلێر بێت، ناوبراو لەبارەی پێشینەی بەعسییەکان قسەی کردووە و ڕای وابووە نابێت متمانەیان پێ بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو قۆناغە دەکرێت داوایان لێ بکەن ڕێگە بە باڵی مەکتەبی سیاسی بدەن ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی (النور) دەربچوێنن (دلێر، ۲۰۰۳، ٦۸-٦۹).

شایەنی گوتنە، دوای پێشکەشکردنی پێشنیاز و داواکارییەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی و وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتایی لە سەریاندا. بە ناوی دەستەی

نووسەران هەر یەك لە: کەمال محێدین، عومەر مستەفا، حیلمی عەلی شەریف، خالید دلێر و محەمەد حەسەن برزۆ، داواکارییەکی تایبەت بە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی (النور) پێشکەش دەکەن. ئەنجام وەزارەتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بە نووسراوی ژمارە (١٨٠٠٠) لە ٢٦ی ئەیلوولی ١٩٦٨ بە فەرمی وەڵامی داواکارییەکەیان دەداتەوە (وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٦٨/٩/٢٩).

دوای ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی باڵی مەکتەبی سیاسی بە کۆی دەنگ، بڕیاری ئەوە دەدەن حیلمی عەلی شەریف سەروکاری ڕۆژنامەی (النور) بگرێتە ئەستۆ، ژمارە (١)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ لە چاپخانەی مەنار (المنار) لە بەغدا دەردەچێت. سەرەتا لە ژمارە (١ تا ٧٢) لەسەر لاپەڕەی یەکەم حیلمی عەلی شەریف وەك خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر ناوی دەنووسرێت، پاشان بە هۆی هەمواری یاسای چاپەمەنی عێراقی، لە ژمارە (٧٣ تا ٤٣١) حیلمی دەبێت بە خاوەن ئیمتیاز و عومەر مستەفاش بە سەرنووسەر (النور، ٦ كانون الثاني ١٩٦٩، ١؛ النور، ٨ كانون الثاني ١٩٦٩، ١).

حیلمی عەلی شەریف لە ڕووی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەی (النور) ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بینیوە، بە تایبەت لە دیزاین و بەرەو پێشەوەبردنی ئاستی ڕۆژنامەکە و دابەشکردنی بابەتەکاندا. لەو بارەیەوە کەمال محێدین دەڵێت:" ... **ڕاستە ئێمە ناومان لەسەر ڕۆژنامەکە بوو، بەڵام ڕاپەڕاندنی زۆربەری کارەکان لە ئەستۆی کاك حیلمی بوو، ئەو ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، ئێمە زیاتر سەرقاڵی کاری پارتایەتی بووین، هەرچی کاك حیلمی بوو هەموو کاتی خۆی بۆ ڕۆژنامەی (النور) تەرخانکرد بوو**" (محێدین، ٨ی مارتی ٢٠٢١). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئیبراهیم میرانی دەڵێت:" **لەناو دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی (النور) حیلمی عەلی شەریف هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆی خستبووەگەڕ بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆژنامەکە دانەبەزێت، بەو هۆیەوە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەی سەرقاڵ بوو بە کارکردن لە ڕۆژنامەکەدا ...**" (میرانی، ٢٥ی مایسی ٢٠٢١).

وەك ئاماژەی بۆ دەکرێت هەفتانە ڕۆژانی پێنجشەممە دەستەی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەی (النور) کۆبوونەتەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ کارەکانیان کردووە. لەو چوارچێوەیەشدا وێڕای ئەوەی بابەتەکان هەڵسەنگێنراو و هەڵەچن کراون، کەچی حیلمی لە دوا قۆناغدا بەر لەوەی بچێتە چاپخانە، بە تێکڕای بابەتەکاندا چووەتەوە (سەعید، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١).

ڕاستییەکەی، حیلمی عەلی شەریف وەك ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا کاریگەری دەبێـت لەسەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد و عەرەبی بە ئەزموون لە نموونەی: عەبدولڕەحمان زەبیحی، محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٣ – ١٩٧٥)، مەحموودی مەلا عیزەت (١٩٣٩- ٢٠٠٥)، غەفوور میرزا کەریم، عەباس بەدری (١٩٤٣ – ٢٠١٥)، شاسوار جەلال (١٩٤٧ – ١٩٧٨)، عەبدوڵڵا خەیات، فائیق بەتی (١٩٣٥- ٢٠١٦)، خەلەف مونشیدی، تۆفیق حوسێن عەتار، کازم بەیاتی و چەندانی تر لە دەوری ڕۆژنامەی (النور) کۆبکاتەوە (محێدین، ٨ی مارتی ٢٠٢١؛ عەتار، ٣٠ی تەمووزی ٢٠٢١).

لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی (النور) وەك ڕۆژنامەیەکی سیاسی دەرچووە و لە ژمارەکانی سەرەتادا زیاتر بابەتی سیاسی تێیدا زاڵە، بەڵام دیسانەوە بە هەوڵی حیلمی عەلی شەریف لاپەڕەی تایبەت لە ڕۆژنامەکەدا بۆ بابەتی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، هونەری، تەندروستی و وەزرشی تەرخان کراون (میرانی، ٢٥ی مایسی ٢٠٢١؛ سەعید، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١).

وێڕای ئەوەی سەرچاوەکان بە بایەخەوە باسی ڕۆژنامەی (النور) و ڕۆڵی کاریگەری حیلمی عەلی شەریف دەکەن (عەباس، ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١)، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کار و چالاکییەکانیان جێگای ڕەخنە و سەرنج نەبووبێت. لەو بارەیەوە مارف خەزنەدار (١٩٣٠ – ٢٠١٠) لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ڕۆژنامەی (النور) کاریگەری سیاسەتی حیزبی بەعسی بەسەرەوە بووە، جگە لەوەش هەر زوو لە ڕێڕەوی کاری ڕۆژنامەگەری لایداوە و کەوتنە هێرشکردنە سەر باڵی بارزانی، هەروەها ناوبراو نووسیویەتی لەبەر ئەوەی نێوانی

لەگەڵ حیلمی عەلی شەریف باش نەبووە، بۆیە یەك بابەتی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاونەکراوەتەوە (خەزنەدار، ٢٠١٠، ٤٧-٤٨). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە کاکە مەم بۆتانی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی پادداشت و شایستەی دارایی نووسەران دەکات و حیلمی عەلی شەریف بە نادادپەروەر دەداتە قەڵەم، ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ ماوەی مانگێك بابەتی بڵاوکراوەی لە ڕۆژنامەی (النور)دا هەبووە، کەچی بە بیانووی نەبوونی ڕەزامەندی، حیلمی شایستە داراییەکانی بۆ خەرج نەکردووە، ئەوەش لە کاتێکدا بووە ئەو شایستەیە بۆ کەسانی دیکە سەرفکراوە (بۆتانی، ٢٠٠٧، ٥٠-٥١).

حیلمی عەلی شەریف و هاوڕێکانی لە دەرچوواندنی ڕۆژنامەی (النور) بەردەوام دەبن، تا ئەوەی لەسەر داواکاری باڵی بارزانی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (بەعس) لە دانیشتنی ١٩ی مارتی ١٩٧٠، مۆڵەتی کارکردنیان لێ دەسەندرێتەوە (بیان مجلس قیادة الثورة، ١١/ ٣/ ١٩٧٠) ئەنجام دوای ئەو بڕیارە ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٤٣٢) دەوەستێت و کۆتایی دێت[١٠].

بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٨ دوای هاتنەوەیان بۆ سەر دەسەڵات، مەبەستیان بوو نیاز پاکیی خۆیان بەرانبەر بە کورد پێشان بدەن، لەو چوارچێوەیەدا بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (٤٨٤) لە ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ هەندێك مافی ڕۆشنبیرییان بە کورد بەخشی. ئەنجام زەمینە ڕەخسا لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی هاوکاری دەردەچێت (ئۆمەر، ٢٠٢٠، ١٠٨).

ساڵی ١٩٧١ حیلمی عەلی شەریف وەك ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا و لێهاتوو، دەبێتە سەرنووسەر لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا (یەکەمەکانی هاوکاری، ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣). ناوبراو لەگەڵ دەستبەکاربوونی هەوڵی ئەوە دەدات گەشە بە ڕۆژنامەکە بدات و بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرزی ڕۆژنامەوانی، بەو هۆیەوە دڵسۆزانە کەوتۆتە هاندان و هاوکاریکردنی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان تا ئەوەی بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوبکەنەوە. لەو بارەیەوە هەر یەك لە عەبدوڵڵا عەباس، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، حەمید عەزیز، مومتاز حەیدەری و

محەمەدئەمین پێنجوێنی، ئاماژە بۆ هەماهەنگی و هاندانی حیلمی عەلی شەریف دەکەن و بە بایەخەوە باسی هەوڵەکانی ناوبراو لەو قۆناغەدا دەکەن (حەیدەری، ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠؛ زادە، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١؛ عەباس، ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١؛ پێنجوێنی، ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١؛ سەعید، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١).

لەو ماوەیەی حیلمی عەلی شەریف، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا کاری کردووە، هەوڵیداوە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کورد لە دەوری ڕۆژنامەکەدا کۆبکاتەوە بە دامەزراندن و کرێی مانگانەی باش یارمەتیان بدات. لەو بارەیەوە عەبدوڵڵا عەباس دەڵێت:"... **تا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧١دا کاروباری سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوکاری گرتە دەست لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باسم کرد کە چۆن یاریدەی من و هەموو ئەو کارگێڕانەی دەدا کە بە جدی ڕوویان کردۆتە پیشەی ڕۆژنامەنووسی و چ دەورێکی دیاری هەبوو لە پێشخستنی گەشەپێدانی ... دوای ئەوەی ڕۆژنامەکە دەستەیەك کارگێڕ کاری تیا دەکرد بە کرێی مانگانەی وەختی پێی لەسەر ئەوە داگرد کە دەبێ ڕۆژنامەنووسی چەسپاو لەو ڕۆژنامەیە تەعین بکرێن و هەست بە بوونی خۆیان بکەن و زیاتر ببەسترێن بە پیشەکەوە ... لە وانەی کە دەوری ڕاستەوخۆی گێڕا لە تەعین کردنمان من و جەلال میرزا کەریم و حەمید عەزیز و بورهان قانع بووین** ..." (عەباس، ٢٠٠٩، ١٢٤). هەر لەو بارەیەوە حەمید عەزیز دەڵێت: " ... **حیلمی عەلی شەریف زۆر هەوڵیدا نەوشیروان مستەفا و شاسوار جەلال بە شێوەی هەمیشەیی لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا دایانبمەزرێنێت و کار بکەن، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت، چونکە ئەو دوو کەسایەتییە بە هۆی سەرقاڵ بوونیان بە کاری سیاسی نەیان دەتوانی بە هەمیشەیی لە ڕۆژنامەکەدا کار بکەن**" (سەعید، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١).

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەی هاوکاری سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندن بووە، کەچی حیلمی عەلی شەریف ڕێگربووە لەوەی دەست بخەنە کاروبارەکانیانەوە. لەو بارەیەوە عەبدوڵڵا عەباس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حیلمی

عەلی شەریف بە هەموو شێوازێك ڕێگری کردووە لە دەست وەردان لە کارەکانی، هەر لەبەر ئەوەش هەندێکجار پێشنیاز و داواکارییەکانی سەرەوەی خۆی ڕەتکردووەتەوە و ئامادە نەبووە جێبەجێیان بکات. ناوبراو لەو بارەیەوە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "... **لەو سەردەمەدا نووسراوێکی وەزیری ڕاگەیاندن ئاراستەی ڕۆژنامەی هاوکاری کرا بوو، تێیدا چەند پێشنیازێکی تایبەت بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی و بەکارهێنانیان لە ڕۆژنامەکەدا کرا بوو، لە بەرانبەردا کاك حیلمی تووڕە بوو و پێشنیازەکانی ڕەتکردەوە و نووسراوەکەشی دڕاند**" (عەباس، ٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١). سەبارەت بەو بابەتە عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێیوایە مەسەلەی دەستوەرنەدانی دەسەڵاتدارانی حکوومەت لە ڕۆژنامەی هاوکاری لەو قۆناغەی، کە حیلمی عەلی شەریف سەرنووسەری بووە بۆ توانا و لێهاتوویی ئەو دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ناوبراو لە زۆربەیان شارەزاتر و بە ئەزموونتر بووە، بەمەش ناچار بوونە ڕێزی بگرن و دەست نەخەنە کارەکانییەوە (زادە، ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢١).

ڕۆژنامەی هاوکاری سەرەتا لەلایەن خانەی جەماهیر سەرپەرشتی دەکرا، تا ئەوەی لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی[11] دامەزرا. لەو قۆناغە نوێیەدا حیلمی عەلی شەریف دەست لە کار دەکێشێتەوە. لەو بارەیەوە عەبدوڵڵا عەباس هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی، کە حیلمی نەیویستووە لە دەزگای هاوکاری کار بکات، لە کاتێکدا جەمال بابان کراوە بە بەڕێوەبەری گشتی دەزگاکە (عەباس، ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١). هەرچی حەمید عەزیزە بابەتەکە بە شێوەیەکی دیکە لێکدەداتەوە و دەڵێت:" **حیلمی عەلی شەریف لە کاری ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ و ئازاد بوو، بەڵام کە ئەو ئازادییە نەما و سانسۆر دانرا لەسەر ڕۆژنامەی هاوکاری، گوتی ئیتر تەواو دەرفەت نەما من ناتوانم بەم شێوەیە بەردەوام بم**" (سەعید، ٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١). لێرەدا دەتوانرێت بوترێت، ڕاکەی حەمید عەزیز لە ڕاستی نزیکترە، بە بەڵگەی ئەوەی لەو قۆناغە بە دواوە حکوومەت

بە توندی سانسۆری خستۆتە سەر ڕۆژنامەکان و ئازادییەکانی بەر تەسك کردووەتەوە.

شایەنی باسە، وێڕای ئەوەی حیلمی عەلی شەریف لە کاری فەرمی ڕۆژنامەوانی دادەبڕێت، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت بە تەواوی لە نووسین دابڕابێت، بە بەڵگەی ئەوەی دوای ئەو قۆناغەش نووسین و وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەن، کە لە تەوەری داهاتوودا بە وردی باس لە نووسین و وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی ناوبراو دەکەین.

## تەوەری سێیەم:
## نووسین و وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی حیلمی عەلی شەریف

لە بەشی یەکەمدا باسمان لە کاریگەری ژینگەی سیاسی و ڕۆشنبیریی باشووری کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی لەسەر حیلمی عەلی شەریفدا کرد. بۆمان ڕوون بوویەوە پێگەیشتنی ناوبراو لەو ژینگەیەدا بووەتە پاڵنەری ئەوەی لە تەمەنێکی زوودا خولیا و ئاواتی بوون بە نووسەر لە هزریدا گەڵاڵە بکات، بە بەڵگەی ئەوەی، کە خۆی دەڵێت:" ... **ڕاستی یەکەی هەر زۆر زوو ئاواتەخوازی ئەوە بووم کە بزانم بنووسم ...**" (شەریف، ٢٠٠١، ٨).

حیلمی عەلی شەریف، لەبارەی یەکەم نووسین و وتاری خۆیدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە پۆلی دووەمی ناوەندیدا چیرۆکێکی لەبارەی لاوێکی وێڵ لە دارستانێکی کوردستاندا، لەگەڵ بابەتێکی وەرگێڕدراو لەبارەی ئەدیۆن بۆ گۆڤاری دەنگی گێتی تازە ناردووە، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێت: " ... **خوا لێخۆشبوو حسێن حوزنی هەردوو نووسینەکەی بێ ئەوەی دەستکاری ناوەرۆکەکانیان بکات، هەر وەکو خۆی نووسییێتی تەواو تەواو بۆی چاك کردبووم و بۆی بڵاوکردمەوە**" (شەریف، ٢٠٠٨، ٨). حیلمی لەبارەی ئەو بابەتەوە بۆ کەمال مەزهەر (١٩٣٧ – ٢٠٢١)ی گێڕاوەتەوە و وتوویەتی چیرۆکەکەی بە ناوی خوازراوی دڵسۆز بڵاوکردۆتەوە (مەزهەر، ٢٠٠١، ٥٣٦)، بەمەش دەتوانرێت بوترێت چیرۆکی (شێرۆ

و نازدار) و بابەتی (ئەدیسۆن) کە بەناوی خوازراوی دڵسۆز نووسراون هی ئەون، لەبەر ئەوەی ئەوەی یەکەمیان چیرۆکێکە و باس لە لاوێکی کوردی وێڵ دەکات و لەوەی حیلمی دەیلێت نزیکە، ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە ناونیشانی بابەتی ئەدیسۆن بە هەڵەی چاپ بووبێت بە ئەدیۆن. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: (ساڵح و ساڵح و زەنگەنە، ٢٠١٠، خوولی دووەم بەرگی یەکەم، ٣٢٧-٣٢٨؛ ساڵح و ساڵح و زەنگە، ٢٠١٠، خوولی دووەم بەرگی دووەم، ٦٥٩ ٦٦٠).

لەگەڵ ڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە عێراق و هاتنە ئارای زەمینەی ئازادیی کاری ڕۆژنامەوانی، حیلمی عەلی شەریف بە تەواوی دێتە ئەو مەیدانە و ڕا و بۆچوونەکانی لە ڕێگای نووسین و وتارەکانیدا بڵاو دەکاتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٢٢٤)دا وتارێك لەژێر ناویشانی (**بوختانی چەپ ڕەویی**) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حکوومەتی تازەی عێراق کردووە و ڕەتی ئەوە دەکاتەوە بەرەو چەپڕۆیی هەنگاوی نابێت، حیلمی لە وتارەکەیدا نووسیویەتی ئەوانەی لەو بارەیەوە دەوترێن پروپاگەندەی ئیمپریالیزم و هاوئاوازەکانیین، کە لە دژی عەبدولکەریم قاسم و حکوومەتدا دەیلێن (شریف، ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ١و٢).

حیلمی هەر لە ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە (١٤٢٧) و (١٤٢٨)دا وتارێکی دیکەی لەژێر ناونیشانی (**پارێزگاری اتجاهی دیموکراتی**) نووسیوە و تێیدا باسی گرینگی و بایەخی بارودۆخی عێراقی دوای شۆڕش دەکات، لەو چوارچێوەیەدا بە ئەرکی سەرشانی تاکی عێراقی دەزانێت، پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش بکەن. وەلێ ئەوەی لەو وتارەدا جێگای سەرنجە حیلمی لە باسی پەیوەندییە دەرەکییەکانیدا بە پێویستی زانیوە عێراق لە یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتە سۆسیالیستەکان نزیك بێتەوە، لەبەر ئەوەی پێی وابووە ئەو دەوڵەتانە قەڵای پاراستنی ئاشتیی جیهانین (شریف، ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ١و٦؛ شریف، ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩، ل ١و٢).

لە لایەکی دیکەوە حیلمی عەلی شەریف لە دوو وتاری دیکەدا، کە لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٤٢٩) و (١٤٣٠) نووسیویەتی، باسی ئەو هێز و لایەنانەی کردووە، کە کۆسپ بۆ کێشەی کورد و بزووتنەوەکەی لە عێراقدا دروست دەکەن، لەوەشدا بە ڕوونی باسی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی کردوون، کە چۆن هەوڵ بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب دەدەن (شریف، ٥ی شوباتی ١٩٥٩، ل١؛ شریف، ١٢ی شوباتی ١٩٥٩، ل١).

وەك باسمان کرد، حیلمی عەلی شەریف یەکێك بوو لە دەستەی بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی خەبات، بەمەش ئەو ماوەیەی لەوێدا کاری کردووە لە گۆشەیەکدا لەژێر ناونیشانی (التعلیق السیاسي) بە ناوی خوازراوی (ئاسۆ) (٤٠) چل وتاری نووسیون. ناوبراو لە تێکڕای وتارەکانیدا باسی لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلان و ڕووداوە گرینگەکانی ئەو سەردەمی جیهانی کردووە و هەوڵیداوە لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا بەراوردیان بکات و بەیەکەوەیان ببەستێتەوە (بڕوانە: خشتەی ژمارە ١).

**خشتەی ژمارە (١)**

**بابەتەکانی حیلمی عەلی شەریف، کە لە گۆشەی (التعلیق السیاسي) نووسیویەتی**

| ناونیشانی وتار | ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|---|
| الولایات المتحدة هي السبب في فشل مؤتمر الاقطاب | ٢٢٠ | ١٨ مایس ١٩٦٠ |
| الحریة لجوموکینیاتا | ٢٢٢ | ٢٠ مایس ١٩٦٠ |
| تجدید المظاهرات في ترکیا ضد حکم مندریس | ٢٢٣ | ٢٢ مایس ١٩٦٠ |
| واخیرا ارتکبت حکومة کیشي جریمتها الکبری | ٢٢٤ | ٢٣ مایس ١٩٦٠ |
| التمیز العنصري یمتد من امریکا و جنوب افریقا الی العراق | ٢٢٦ | ٢٥ مایس ١٩٦٠ |
| محنة الصحافة في العربیة المتحدة | ٢٢٧ | ٢٦ مایس ١٩٦٠ |
| مع مندریس مرة أخری | ٢٢٨ | ٢٧ مایس ١٩٦٠ |
| فزع شاه ایران من حوادث ترکیا الأخیرة | ٢٢٩ | ٢٩ مایس ١٩٦٠ |
| علام یدل اصرار ایزنهاور علی زیارة الیابان | ٢٣٦ | ١٠ حزیران ١٩٦٠ |
| مغزی الدعایة الاستعماریة ضد اندنوسیا | ٢٣٧ | ١٢ حزیران ١٩٦٠ |
| جمیلة بوباشا في الجزائر وغني بلوریان ورفاقه في ایران | ٢٣٨ | ١٣ حزیران ١٩٦٠ |

| | | |
|---|---|---|
| زيارة وفد جمعية الطلبة الاكراد للاتحاد السوفياتي تعزيز للصداقة بين شعبنا الكردي والشعوب السوفياتية | ٢٣٩ | ١٤ حزيران ١٩٦٠ |
| هل لسياسة امريكا الحربية من نتائج ايجابية؟ | ٢٤٢ | ١٧ حزيران ١٩٦٠ |
| تحية الشعب الكردي الى المؤتمر الثاني للدول الافريقية المستقلة | ٢٤٤ | ٢٠ حزيران ١٩٦٠ |
| لابد للقضية الجزائرية ان تنتصر | ٢٤٥ | ٢١ حزيران ١٩٦٠ |
| مغامرات اديناور تهدد السلم والاستقرار في العالم | ٢٤٧ | ٢٣ حزيران ١٩٦٠ |
| انتصار جديد على المستعمرين في الصومال | ٢٤٩ | ٢٧ حزيران ١٩٦٠ |
| نضال الشعب القبرصي ضد القواعد العسكرية مساهمة فعالة في دعم العالم | ٢٥١ | ٢٩ حزيران ١٩٦٠ |
| تهديدات الولايات المتحدة لكوبا لاتعيد اليها نفوذها | ٢٥٤ | ٣ تموز ١٩٦٠ |
| جمهوريات امريكا اللاتينية المتحررة اقوى من تهديدات الدكتاتوريين الاقزام | ٢٥٥ | ٤ تموز ١٩٦٠ |
| عرقلة المفاوضات تحفز الشعب الجزائري على تشديد نضاله الثوري | ٢٥٨ | ٨ تموز ١٩٦٠ |
| الشعب الايطالي يواصل النضال بحزم ضد الفاشية | ٢٦٠ | ١١ تموز ١٩٦٠ |
| تضامن العرب كفيل بلجم قوى العدوان الاستعماري | ٢٦٢ | ١٣ تموز ١٩٦٠ |
| الاستعمار البلجيكي يكشر عن انيابه ويتمادى في عدوانه على الكونغو | ٢٦٦ | ٢٠ تموز ١٩٦٠ |
| حملة الانتخابات الامريكية والمهزلة التي يشهدها الشعب الامريكي | ٢٦٨ | ٢٢ تموز ١٩٦٠ |
| انتصار رائع يحرزه الشعب السيلاني | ٢٦٩ | ٢٤ تموز ١٩٦٠ |
| ذكرى الحاق لواء الاسكندرونة بتركيا | ٢٧١ | ٢٦ تموز ١٩٦٠ |
| تحية اكبار الى الشعب الكوبي البطل في ذكرى ثورته المجيدة | ٢٧٢ | ٢٧ تموز ١٩٦٠ |
| حكومة بهلوي تستعد لتزييف الانتخابات القادمة | ٢٧٣ | ٢٨ تموز ١٩٦٠ |
| دماء احرار روديسيا تنير لشعبها الابي طريق التحرر والخلاص | ٢٧٤ | ٢٩ تموز ١٩٦٠ |
| يجب ازالة التمييز العنصري من الوجود | ٢٧٥ | ٣١ تموز ١٩٦٠ |
| المؤتمر العالمي السادس في اليابان عامل هام لدعم السلم وتوطيده | ٢٨٠ | ٥ اب ١٩٦٠ |
| حقد دفين على الدول المتحررة حديثا | ٣٤٠ | ٢٠ تشرين الاول ١٩٦٠ |
| كوبا والتهديدات الامريكية | ٣٦٥ | ٢٠ تشرين الثاني ١٩٦٠ |
| في ذكرى اغتصاب لواء الاسكندرونة | ٣٧٢ | ٢٩ تشرين الثاني ١٩٦٠ |
| على الامم المتحدة معالجة الوضع في الكونغو سريعاً | ٣٧٧ | ٧ كانون |

| | | |
|---|---|---|
| | | الاول ١٩٦٠ |
| تصفية الاستعمار هي المفتاح لحل المشاكل الدولية الكبرى | ٣٨٠ | ١١ كانون الاول ١٩٦٠ |
| الشعوب مدعوة لمساندة القضية الجزائرية | ٣٨٤ | ١٥ كانون الاول ١٩٦٠ |
| تدخل المستعمرين في لاؤوس يهدد السلم والاستقرار في منطقة جنوب شرق أسيا | ٣٨٨ | ٢٠ كانون الاول ١٩٦٠ |
| قرارات مؤتمر الذروة الافريقي انتصار رائع للشعوب الافريقية | ٤٠٦ | ١٢ كانون الثاني ١٩٦١ |

دوای ناکۆکییە ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هاتنەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ ناو شارەکان، حیلمی عەلی شەریف و هاوڕێکانی لە بەغدا ڕۆژنامەیەك بەناوی ڕووناکی (النور) دەردەکەن، ناوبراو لەگەڵ ئەوەی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە و کارەکتەری سەرەکی بووە، بەڵام لە تێکڕای ژمارەکانیدا تەنیا دوو وتاری بە ناوی خۆی بڵاوکردووەتەوە. لە یەکەمیاندا دەقی دیدارێکە، کە لەگەڵ ڕۆژنامەی شەباب (الشباب) ئەنجامیداوە و باسی جووڵانەوەی خوێندکارانی وڵاتانی ئەوروپا ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و فەرەنسای لەو قۆناغەدا کردووە (شەریف، ١١ شباط ١٩٦٩، ٣)، لە هی دووەمیشدا بابەتی کێشەی بێکاری لە عێراقدا شیکردووەتەوە (شريف، ١٢ شباط ١٩٧٠، ٣). ئەنجام دەتوانرێت بوترێت، نەبوونی بابەت بە ناو حیلمی لە ڕۆژنامەی (النور)دا بەو مانایە نایەت وتار و نووسینی دیکەی لە ڕۆژنامەکەدا نەنووسیبێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئیبراهیم میرانی دەڵێت: " **... کاك حیلمی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە نووسینی سەروتارەکان و گۆشەی (صباح النور)دا هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ناویان بەسەرەوە نییە، ئەستەمە بتوانرێت هەموو بابەتەکانی بناسرێنەوە**" (میرانی، ٢٥ی مایسی ٢٠٢١). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە حیلمی عەلی شریف خۆی نووسیویەتی: **لە ڕۆژنامەی خەبات، نور، هاوکاری هەر بەبێ ناو یاخود بە ناوێکی ترەوە ... نووسینم بڵاوکردۆتەوە** (شەریف، ٢٠٠١، ١٤).

حیلمی عەلی شەریف لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٧١ بە فەرمی بووەتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوکاری و تا دامەزراندنی دەزگای هاوکاری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٤ بەردەوام بووە (ئۆمەر، ٢٠٢٠، ١٠٨)، لەو ماوەیەشدا زۆربەی سەروتارەکانی ڕۆژنامەکە خۆی نووسیویەتی، کە تێیدا باسی لە خەبات و تێکۆشانی کورد و عەرەب لە دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمی و زایۆنیزم کردووە و بە گرینگەوە لە خەبات و کۆڵنەدانی نەتەوایەتی و چینایەتی و ڕەگەزایەتی و مرۆڤایەتی دواوە (نەریمان، ١٩٨٩، ٦ و ١٩).

جیا لەوانەی ئاماژەمان بۆ کردن، حیلمی عەلی شەریف لەو ماوەیەدا، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بووە، ژمارەیەك وتاری دیکەی بە ناوی خوازراوی (ئاسۆ)، (جوامێر) و (نەبەز) نووسیون، کە تێیدا باسی بارودۆخی سیاسیی ئەو قۆناغە و خەبات و تێکۆشانی گەلانی زوڵملێکراوی لە دژی دەوڵەتانی ئیستعمار کردووە (بڕوانە: خشتەی ژمارە ٢).

**خشتەی ژمارە (٢)**

**وتار و نووسینەکانی حیلمی، کە لە دەمی کارکردنی لە ڕۆژنامەی هاوکاری نووسیونی**

| ناو | ناونیشانی بابەت | ژمارە | ڕێکەوت | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| ئاسۆ | لە کۆمۆنەی پارتییەوە بۆ کۆمۆنەی خەرتووم | ٢٦ | ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٢ |
| ئاسۆ | بورژوازی لەنێوان هەستی نیشتمانپەروەر و هەستی چینایەتی دا | ٢٧ | ٧ی ئابی ١٩٧١ | ٢ |
| ئاسۆ | پێشمەرگەی ژیر و پێشمەرگەی گێرەشێوێن | ٣١ | ٤ی ئەیلوولی ١٩٧١ | ٨ |
| ئاسۆ | بەبۆنەی چلەی ئەبو ئەیادی قارەمانەوە، ئەبو ئەیاد بەم جۆرە بیری ئەکردەوە | ٣٣ | ١٨ی ئەیلوولی ١٩٧١ | ٨ |
| ئاسۆ | فاهم جەلال چۆن خلیسکاوەتە زەلکاوی بۆگەنی جاسوسی یەوە؟! | ٣٤ | ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٧١ | ٨ |
| ئاسۆ | سەرکەوتوو بێت یەکگرتووی گەلی چین و گەلانی تری دونیا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان | ٣٥ | ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٨ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جوامێر | لەسەر هەواڵێك لە ڤێتنامەوە | ٣٦ | ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٢و٥ |
| جوامێر | سەرکەوتوو بێ خەباتی گەلی کۆریا | ٣٨ | ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٤ |
| ئاسۆ | سیاسەتی ساتوسەوا لەگەڵ ئیمپرالیزم دا بەرەو کوێ؟! | ٣٨ | ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٨ |
| ئاسۆ | بەرەی تێکۆشانی گەلان هەر سەرکەوتنە و ئەنجامی ئیمپریالیزمی فەوتان و لەناوچوونە | ٣٩ | ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١ | ٨ |
| ئاسۆ | خەباتێکی یەکگرتووی دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم | ٤٠ | ٦ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ | ٢و٦ |
| نەبەز | شۆڕشی زەوی و چاك کردنی کشتوکاڵ | تایبەت | ١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ | ٣٠-٣١ |
| نەبەز | ئایا جوتیاران شۆڕشگێڕن؟ | ١٠٠ | ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ | ٢ |
| نەبەز | ئایا جوتیاران شۆڕشگێڕن | ١٠١ | ٢٢ی کانوونی دووەمی | ٢و٣ |
| جوامێر | بۆ لە خەبات بترسم؟ | ١٠١ | ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٧٢ | ٨ |
| ئاسۆ | نەتەوە بچووکەکانی چین | ١٠٢ | ٥ی شوباتی ١٩٧٢ | ٢و٥ |
| نەبەز | بزووتنەوەی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی ئازەربیجان | ١٠٣ | ١٢ی شوباتی ١٩٧٢ | ٢ |
| نەبەز | بزووتنەوەی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی ئازەربیجان | ١٠٤ | ١٩ی شوباتی ١٩٧٢ | ٢ |
| نەبەز | بزووتنەوەی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی ئازەربیجان | ١٠٥ | ٢٦ی شوباتی ١٩٧٢ | ٢و٦ |
| نەبەز | جەنگاوەری نەمر | ١٠٦ | ٤ی مارتی ١٩٧٢ | ٢ |
| نەبەز | سەرە مەقەستی وتارێك | ١٠٧ | ١١ی مارتی ١٩٧٢ | ٨ |
| جوامێر | شانۆسازی سەرۆك هەڵبژاردن لە ئەمریکا | ١٠٨ | ١٨ی مارتی ١٩٧٢ | ٢ |
| جوامێر | با هەر شەکاوە بێت ئالآی بەرزی لەشکری گەلی کۆریا | ١١٤ | ٢٩ی نیسانی ١٩٧٢ | ٦و٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| جوامێر | یەکگرتوو بێت خەباتی گەلی کورد و تورك و ئەرمەن | ١١٥ | ٦ی مایسی ١٩٧٢ | ٢و٧ |
| جوامێر | لە ڤێتنام شۆڕش بەم جۆرەیە | ١٢٦ | ٢٢ی تەمووزی ١٩٧٢ | ٢و٧ |
| جوامێر | ئێران لەوەڕگەی ئیمپریالیزمی جیهانە | ١٤٢ | ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ | ٢ |
| جوامێر | لە ئێران زروفی مەوزوعی لەبارە بۆ شۆڕش، بەڵام! | ١٦٣ | ٢٠ی نیسانی ١٩٧٣ | ٢و٧ |
| جوامێر | لینین و یەکی ئایار دوو نیشانەی پڕشنگداری سەرکەوتنن | ١٦٤ | ٢٧ی نیسانی ١٩٧٣ | ٢ |
| جوامێر | کارەساتەکانی لوبنان گەلانی عەرەب زیاتر هۆشیار دەکاتەوە | ١٦٦ | ١١ی مایسی ١٩٧٣ | ٢ |
| جوامێر | ٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی شۆڕشگێڕانەی خوارووی ڤێتنامدا | ١٧٠ | ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٣ | ٢ |
| جوامێر | ٩ی حوزەیران (یونیو)ی ١٩٦٥ ڕۆژی دەستپێکردنی شۆڕشی چەکدارە لە زەفار | ١٧٢ | ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣ | ٢و٧ |
